وەزارەتـی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ٩٧٦
ڕێکەوت : ٢ / ٣ / ٢٠٢٢

---

بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.3- 2022) تەندەری پرۆژەی**

**[ نۆژەنکردنەوەی هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب لەکەلار وە شەهید خالد گەرمیانی لە کفری ]**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەڵێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە ، کە ئامادەکراوە لە لایەن ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان ) ، لە سەر بودجەی ڕێکخراوی ( G.I.Z )خەرج دەکرێـــت، هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( ٣٠ ) سی ڕۆژ.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
• وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( پێنج شەممە ٣/ ٣ /٢٠٢٢ )ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ( پێنج شـەممە ٢٤ / ٣ / ٢٠٢٢) کاتژمێر ( ٩ ) ی سـەر لە بەیـانی تـا ( ١١:٠٠ ) ی نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە (٦٠،٠٠٠ ) شەسـت هەزار دینـار دەبێـت کە نـاگەڕێتەوە بـۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
• دوا کاتی گەڕانەوەی تەنـدەر ڕۆژی ( یەک شـەممە ٢٧ / ٣ / ٢٠٢٢ ) کـاتژمێر (١١:٠٠ )ی پـێش نیـوەڕۆ دەبێـت وە ڕۆژی ئاشـکرا کردنـی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر ( ١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ دەبێت وە لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری سەیری بەڵگەکانی تەندەرەکە بکات.
• بەشـداربوان بـۆ هەر پرسـیار و ڕوونکـردنەوەیەك لەسـەر تەنـدەری پـرۆژەکە دەتـوانن سـەردانی ئیـدارەی گەرمیـان / ب. گرێبەستەکان بکات .
• مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ٩ ) بێت وە پێناسی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر (التعهد الخطي الضامن) بەپێـی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەکـانی تەنـدەر هەیە پێویستە لەکـاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت وە پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمـانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەت ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاسایی نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی نوێی ساڵی (٢٠٢٢) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵ بوەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**رامیار عبدالرحمن احمد**

**ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**